# ئەی کوردپەروەران .. یەکبگرن

## پشتگیریی پێشنیارەکەی مامۆستا جەمال نەبەز بکەن

بێپێشەکی .. نسکۆکەی ساڵی 1975 ، بەگوێرەی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورد ، زۆر گەورە و گران بوو ، بەڵام نسکۆکەی ئەم جارەمان (ساڵی 2004) و بارودۆخە ناسك و هەستیارەکەی ئەمڕۆ و ئەو دەرفەتە مێژووییانەی کە بۆمان هەڵکەوت و لەدەستمان چوو! ئەوا ئەم نسکۆیەمان هەزار جار لەوەی ساڵی 1975 گەورەتر و گرانتر وماڵوێرانکەرترە! و زیادتر لە گەمەی (مار و پەیژە) ئەچێت وەك لە خەبات و تێکۆشان.

کارەساتەکانی چل ساڵی ڕابوردوو (لە 1964 ەوە) لەنێوان جوتەباڵی شۆڕشی ئەیلول و سیانزە ساڵی ڕابوردوو (لە 1991 ەوە) لەنێوان هەمان جوتەباڵی پێشووی شۆڕشی ئەیلولدا و خۆبەزلزانینی سەرکردە و بەرپرسەکان ، نەبوونی یاسا و تەنانەت پەیڕەونەکردنی بچوکترین ڕێسای کۆمەڵایەتی و (ڕەوشتی سیاسی) ، بە ڕەسمیی بوونی دزیی و جەردەیی و ئەودیو کردن ، گەندەڵیی بەڕێوەبەرایەتی ، بێگانەپەرستیی ، پارچەپارچەکردنی باشوری وڵات و گوێنەدان بە هاوار وناڵەی جەماوەری ستەمدیدەی گەلەکەمان ، ئەو ڕاستییانەیان دەرخست کە حیزبەکانی کوردستان و بە تایبەتییش دوو زلحیزبەکە ، لە ئاستی (ڕێکخراوی) سیاسی ئەم سەردەمەدا نین و ناتوانن مامەڵەی زانستییانە بکەن لەگەڵ کێشەکانی گەلێکی چەند میلیۆنییدا. تا ئێستاش بە عەقڵییەتی خێڵەکییانەی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە ئەژین ، لە کاتێکدا کە سەردەمی گڵۆڵە و تێکنۆلۆجیای زانیاریی و سەدەی بیست و یەکەمە!.

ئەگەر دوو زلحیزب لە ماوەی سیانزە ساڵدا نەتوانن لەسەر داهاتی دوو بازگەی گومرگیی ڕێکبکەون! ئیتر چۆن و لەسەر چ بنەمایەك ئەتوانن ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەمان دابینبکەن و بەرەو ئاسۆیەکی گەش بمانبەن!!!

سیانزە ساڵە ئێمەی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەران ، بە شان و باڵی ئەم (ئەزمونەی) باشوردا هەڵئەدەین ، ئەویش لەپێناوی هاندانی بەرپرسان و سەرکردەکاندا بۆ باشترکردنی ڕەوتەکە و دەستکەوتی زیادتر ، بەڵام ڕۆژگار ئەو ڕاستییەی سەلماند کە چەند بە چاکە باسی ئەزمونەکەمان کرد ،

ئەوا ئەوەندەش سەركردە و بەرپرسەكان لـە خۆیان بایی بوون و ڕۆحزلـتر بوون و زیادتر پشتیان كردە جەماوەرەكە!.

لـە هەڵـمەتێكی جەماوەرییدا بە ناوی ڕاپرسیی گشتییەوە ، لـە ناوەوە و دەرەوەی باشوری وڵاتدا ، لـە ماوەیەكی كورتدا زیادتر لـە دوو میلـیۆن ناو و ئیمزا كۆكرایەوە ، بەڵام چونكە كەسانی سەربە هەمان ئەو حیزبانەی باشور لـەپشت ئەو بزوتنەوەیەی ڕێفراندەمەوە بوون ، لـە چاوتروكاندنێكدا سەری ئەویشیان خوارد و بەسەرچوو.

لـە پەیمانی سیڤەردا ناوی كورد و نیشتمانەكەی جێگیركرا ، هەرچەندە كاری پێنەكرا ، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە دەستكەوتێكی مەزن بوو بۆ كورد ، نهێنی ئەو سەركەوتنەش ئەوە بوو كە ئەو سەردەمە **حیزبایەتی و حیزبحیزبێنە** دروست نەبووبوو لـە كوردستاندا.

ئەوەی كە مایەی بێزارییە لـە سەرانی ئەمڕۆی كورد ، ئەوەیە كە بەو هەموو توانایەوە و گونجاویی بارودۆخەكە و پشتگیریی تەواوی گەلـەكەمان و دەیان حكومەت و گەلانی تر ، سەرانی دوو زلـحیزبەكە نەیانتوانی تەنیا یەك وشە ئەگەر بە هێماش بێت ، دەربارەی كورد و كوردستان ، لـە بڕیاری 1546 ی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكاندا جێگیر بكەن! لـە كاتێكدا كە وەزیری عێراق یەكێكە لـە سەرانی پارتی و جێگری سەرۆككۆمار و سەرۆكوەزیرانی عێراقیش (بەناو) كوردن!

ئەمانە و هەزاران دیاردەی تر ئەو ڕاستییە تاڵـە دەرئەخەن كە سەرانی كورد و حیزبەكانی باشور بە چەپ و ڕاستەوە (**هەرچەندە جیاوازیی و ڕەنگی نێوان چەپ و ڕاستیان ئەوەندە كاڵ بووەتەوە كە هەموویان وەك یەك ئەبینرێن!**) ، ناتوانن و ناوێرن بە شێوەی پێویست لـەگەڵ ڕووداوەكان و ئاوات و ئامانجەكانی گەلـەكەماندا مامەڵـە بكەن.

لـەم سیانزە ساڵـەی دواییدا ئەوەندەمان لـەسەر ئەم دوو زلـحیزبە و سیاسەت و هەڵـە و هەڵـوێستە كوشندەییەكانیان وتووە كە بووەتە مایەی بێزاربوون و ئیتر شایانی ئەوە نین باسیان بكرێت ، بۆیە با ئیتر بەس بێت!

**ئەی كوردپەروەران**

**ئەی كوردستانپەروەران**

**ئەی شۆڕشگێڕان .. ڕۆشنبیران و جەماوەری گەلـەكەمان**

با هەموومان پشتگیریی پێشنیارەکەی ئەم دواییەی مامۆستا جەمال نەبەز بکەین. با بە یەك دەنگ داوای لاچوونی ئەم سەرکردە و مەرکردانە بکەین ، وەك کورد ئەڵێت ، با **(ماڵی خۆمان قایم بگرین و کەس نەکەین بە دز)** ، با ئەنجومەنێکی سەد کەسیی لـە کەسانی (پاشەڵپاك) ئافرەت و پیاو ، دیموکرات ، پێشکەوتنخواز ، بێلایەن و تێکنۆکرات دروستبکرێت و گەلـەکەمان لـە باشوری ولاّتدا ، لـەم مەینەتییانەی ڕزگاربکات ، چونکە هێشتا هەر بواری ئەوە ماوە کە کاریگەرییمان هەبێت لـەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لـە عێراق و ناوچەکەدا.

ئەگەر ئەم جارەش سەرانی کورد گوێنەدەن بە بانگەشە و هاوار و ناڵـەی جەماوەری گەلـەکەیان ، ئەوا ئیتر دەمی ڕاپەڕینە .. کاتی ڕژانە ناو شەقام و گۆڕەپانەکانە ، ڕووداوەکان ئەوە دەرئەخەن کە ئیتر هەلـێکی ئەووتۆمان نەماوە تا لـەدەستمان بچێت!

ئەگەر گەلی کورد لـە باشوری ولاّتدا ڕانەپەڕێت ، ئەوا ئەبێت چل دانە ساڵی تریش کۆیلـەی سیاسەتی جوتەباڵی 64 ببین و نەوە لـەدوای نەوە ، باجی هەڵـەکانیان بدەین.

## خۆشەویستان .. دڵسۆزانی کورد و کوردستان .. بەشخوراوان

تکایە با بکەوینە خۆ و لـەو ڕووەوە کارێك بکەین و هەڵوێستێکمان هەبێت ، چونکە ڕۆژگار سەلـماندی کە وشە ، تێبینی ، ڕەخنە و ئامۆژگاریی ، کار لـە سەرانی کورد ناکەن ، لـەڕاستییشدا هەقی خۆیانە ، چونکە ڕۆژێك لـە ڕۆژان نەیانبینیوە جەماوەری گەلـەکەیان خۆپێشاندانێك یان نارەزاییدەربڕینێکیان بەرامبەر بکات. لـەبەرئەوەی جەماوەر سنوری بۆ بەرپرسان دانەناوە ، بۆیە ئەوانیش چۆنیان بۆ بلـوێت ئەیکەن و پرس بە کەس ناکەن!.

با بە هەموومان وەك زۆربەی گەلانی دنیا و ئەوروپا ، سنورێك بۆ بەرپرسان ، نوێنەران ، سەرکردە و حیزبەکان دابنێین.

با جەماوەری گەلـەکەمان خۆی پەرلـەمان و حکومەتی خۆی هەڵبژێرێت و ئیتر خێڵـەکییەتی بەس بێت.

دە با ئەو کەس و لایەنانەی کە لـە سنوری سوری دۆزی کورد و کوردستان لائەدەن ، ڕیسوایان بکەین و ڕێگایان نەدەین هەڵـە کوشندەکانیان دووبارە بکەنەوە.

دە با بە یەك دەنگ پێیان بڵێین: ئەگەر بۆ ئێمەی ئەکەن ، تکایە مەیکەن و سوپاستان ئەکەین ، ئەگەر بە سەرەش بێت ئیتر سەرەتان نەماوە!

www.Kurdistannet.org

دەبا پێیان بڵێین: ئەگەر ئەتانەوێت لاپەڕەکانی مێژووتان ئەوەندەی تر ڕەش نەبێت ، گوێ لـە جەماوەرەکەتان بگرن ، لـە بڕیارە گرنگەکاندا ڕاپرسیی بکەن ، چونکە ئێوە گەل نین ، بەشێکن لـە گەل! حکومەتەکانی ئەوروپا بۆ بچوکترین کار و باسێك کە پەیوەندیی بە زۆرینەی جەماوەری گەلـەکانیانەوە هەبێت ، ڕاپرسیی گشتیی ئەکەن و بەگوێرەی ئەنجامەکەی بڕیارئەدەن. ئایا جەنابتان لـەو سیاسییانەی ئەوروپا زیرەکتر و بەتواناترن؟

ئایا دڵسۆزیی جەنابتان زۆرترە بۆ گەلـەکەتان وەك لـە دڵسۆزیی ئەوان بۆ گەلـەکانیان؟

تا کەی ڕاستیی و ئەزمونێك لـە هەڵـەکانتانەوە فێرنابن؟


**نەوزاد وەلی**

2004-6-17

wali.nawzad@telia.com


**تێبینی:**

**داوای لـێبوردن لـە (سایت و بڵاوکراوەکان) ئەکەم کە لـە هەمان کاتدا ئەم بانگەوازەم بۆ زۆربەیان ناردووە ، هەرچەندە ئەوە پێچەوانەی نەریتی کاری ڕاگەیاندنی منە و هەرگیز لـە دوو جێدا و لـە هەمان کاتدا هەمان بابەتم بڵاونەکردووەتەوە ، بەڵام وەك ئەزانن ئەمە بانگەوازە نەك بابەتی ڕۆژنامەگەریی.**

**لـەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.**

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET